# ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی

## (پرسی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە ڕۆژنامەی خەبات بە نموونە)

هاوکار یاسین شریف[1]		پ.ی.د. مەغدید خضر ئەحمەد سەپان[2]

[1] بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر ,هەولێر ,عیراق

[2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی گرنگترین ئەو چوارچێوەو ڕەهەندانەن کە دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان جێبەجێیان دەکەن بۆ پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیەو میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێنراوەو پشتی بەڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان بەستووە. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ڕۆژنامەی خەبات وەك نموونەی توێژینەوەکە دیاریکراوەو تیایدا 14 وتاری سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستانی ئەوکات و 20 وتاری کەسانی سیاسیی و ئەدیب و ڕۆشنبیر وەرگیراوە کە بەدرێژایی ڕۆژانی هەڵمەتی بانگەشەکە کە ماوەی یەك مانگی خایاند. لەگرنگترین ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە ئەمانەبوون: ئەو وتارانەی ئەو مانگە بڵاوکراوەتەوە، زیاتر لایەنگر وهاندەر بوونە لەچوارچێوەی بەرپرسیارێتی و ئاسایشی نەتەوەیی و ڕۆڵیان هەبووە لەو ڕووەوە.

**:الملخص**

يهدف هذا البحث هو تحديد أهم تلك الإطارات والأبعاد التي تطبقها المؤسسات الإعلامية لتعضيد الأمن القومي. وهذا البحث بحث وصفي، واعتمد المنهج المسحي وذلك بالاعتماد على تحليل مضمون مؤسسة الاعلام الكردي، وإن عينة هذا البحث هي صحيفة (خبات)، وقد أخذنا تحليل (14) خطابا للرئيس (مسعود البرزاني) رئيس إقليم كردستان سابقا، و(20) مقالا للشخصيات السياسية والأدباء والمثقفين الذين كتبوا مقالات طوال الحملة الدعائية التي استمرت شهرا كاملا. ومن أهم النتائج التي وصل إليها البحث هي: أن المقالات هؤلاء كانت تنحاز إلى التحفيز والتشجيع وكان لهم المسؤلية والأمن الوطني في هذا الإطار.

**كليلی وشەكان:** ڕۆڵ، دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پتەوکردن، ئاسایشی نەتەوەیی.

## پێشەكی :

توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیەو میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێنراوەو پشتی بەڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك بەستووە بۆ زانینی ڕۆڵی دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان لەسەر پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی، ڕۆژنامەی خەبات وەکو نموونە وەرگیراوە.

بۆ پتەوکردنی ئاساشی نەتەوەیی، پێویستە دەسەڵات و حکومەت لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئەو پەیامانەی تایبەتن بەو پرسە شۆڕبکاتە خوارەوە تاکو تاك بە تاکی کۆمەڵگە ئاشنای ڕەهەندەکانی ئەو پرسە بن کە زۆر گرنگە هەموو تاکێکی کورد بیزانن. لە کوردستاندا بەتایبەت زیاتر ناسینی پتەوکردنی ئەو پرسەو بە پێویست دەزانرێت، چونکە ئەمڕۆ کوردستان لەڕووی جوگرافیاوە گەمارۆی وڵاتانێکە کە چاویان بڕیوەتە دەستکەوت و ژێرخان و بن خانیی و لەبەرامبەردا کورد گەلێکی چاونەترس و ئازایەو بەشۆڕش و قوربانیدان قەوارەیەکی مەزنی دروست کردووە کە بۆتە مایەی سەرنجی دونیا نەك بەتەنها لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە دەبێت هەر تاکێك لەبەرامبەر دەیان تاك بێت تاکو پارێزگاری لە قەوارەو نەتەوەکان لە فەوتان و نەمان.

لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدرێت تیشك بخرێتە سەر ئەو هۆکارو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی پتەوکردنی ئاساشی نەتەوەیی و هەستی نەتەوایەتی کە توێژەر زیاتر جەختی کردۆتە سەر دەزگا ڕاگەیاندنە کوردییەکان بۆ زانین و پتەوکردنی ئەو ڕۆڵە.

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە: بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەیە کە بریتیە لە کێشەی توێژینەوەو گرنگی توێژینەوەو ئامانجی توێژینەوەو و پرسیارەکانی توێژینەوەو کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەو و ڕێبازو میتۆدی توێژینەوە.

بەشی دووەم: باسی یەکەم: بریتیە لەکاریگەری پەیامە سیاسییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر دروستکردنی ڕای گشتی. کە باس لەهەموو ڕەهەندەکانی ڕای گشتی دەکات، بەو پێیەی کە ڕای گشتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەسەر دروستبوونی ئاسایشی نەتەوەیی لەلای تاکەکان، ئەگەر پەیامەکان کاریگەرییان هەبوو بۆ وەرگر، ئەوا ڕای گشتی دروست دەبێت، و بڕیاری خودی لەژێر کاریگەری پەیامەکەوە هەڵدەقوڵێت و زەمینە خۆش دەبێت تاکو تاکێکی ئەکتیڤی ئەرێنی لێ دەربچێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی..

و باسی دووەم: باس لەهەموو ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و میدیای ئاسایشی

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 يناير 2022؛ قُبل في 03 أبريل 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 01 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف : hawker.sharif@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2023 هاوكار، مەغدید. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

نەتەوەیی دەکات، کە زۆر گرنگە ئەمڕۆ ڕاگەیاندنێکی وەها هەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی زیاتری تاکەکانی کۆمەڵگە.

بەشی سێیەم: باسی یەکەم: باسی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی دەکات کە بۆچی گرنگە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەو هۆشیارییەیان لەلا دروست بێت، بەتایبەتی بۆ کوردستانی ئێمە کە تایبەتمەندییەکی جیاوازی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی دەوروبەردا هەیە، هەروەها باس لەو پەیوەندییەی نێوان ڕاگەیاندن و ئاسایشی نەتەوەیی دەکات. و باسی دووەم: باس لە ڕۆڵی تەکنۆلۆژیاو میدیاو ئاسایشی نەتەوەیی دەکات، واتە پەیوەندییە هاوچەرخەکان بەکار دێت وەکو پردێکی تۆکمە لە گەیاندنی پەیامی سیاسی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، تاکو پەیوەندییەکان و ناردنی پەیام لەنێرەرەوە بۆ وەرگر ئاسانتر و بێ کێشە بێت، بۆ دڵنیابوون لە کاردانەوەو فیدباکی جەماوەر.

بەربەرستەکانی دێنە بەردەمی ئەم توێژینەوە و هاوشێوەکانی کەم نین، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی کەم هاتۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوەو زانیاری و سەرچاوەکان بەشێوەیەکی گشتی زۆر نین، بۆیە بێگومان نەبوونی سەرچاوەو کتێبی تایبەت بەم پرسە دەبێتە بەربەست و لەمپەر لەرێگەی توێژەردا.

ئەم توێژینەوەیە بەرهەمی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دەستی مرۆڤە بە پشت بەستن بە چەند کارێکی پێشووی مرۆڤەکانی تر، بۆیە بێ کەموکوڕی نییە و بە دڵنیاییەوە کەموکوڕی تیایە، چونکە هیچ کارێکی مرۆڤ کامل نییە.

**بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی گشتی توێژینەوە کە بریتیە لە کێشەی توێژینەوەو گرنگی توێژینەوەو ئامانجی توێژینەوەو و پرسیارەکانی توێژینەوەو کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەو و ڕێبازو میتۆدی توێژینەوە.**

**کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی توێژەر لەم توێژینەوەیە بریتیە لە (ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی)، توێژەر دەیەوێ ئەوە بخاتەڕوو کە ئایا دەزگاکانی ڕاگەیاندن توانیویانە ڕۆڵیان هەبێ و تا چ ئاستێك ڕۆڵیان هەبووە لە دروستکردن و چەسپاندنی ئاسایشی نەتەوەیی لەپرسی ریفراندۆم لەلای تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی و ئایا ئەو ڕۆڵەی سەرکەوتوو بووە، و ئایا کۆمەڵگە توانیویەتی ئەو هەستەی لەلا دروست بێت کە پەیامێك هەیە و ئاراستەی دەکرێت بە مەبەستی پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی..

ئاسایشی نەتەوەیی بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ هەر یەکێك لەتاکەکانی کۆمەڵگە ئەگەر هاووڵاتیان درك بە گرنگی ئەم بابەتە بکەن، لەبەر ئاستی ڕۆشنبیری ڕەنگە بۆ هەندێك ئەم پرسە لەخۆڕا دروست نەبێت، بۆیە ئەرکی شارەزایان و سیاسییەکانی وڵاتە ئەم دۆزە لەدوو توێی وتارەکانیان جێ بکەنەوە و لەڕێگەی ڕاگەیاندنەوە بۆ هاووڵاتیان بڵاوی بکەنەوە.

- **گرنگی توێژینەوە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی دەزگاو ئامرازەکان، گرنگە بزانرێ تا چەند توانراوە کاریگەری و گۆڕانکاری لەسەر بۆچوونی تاکی کورد بکرێ لەبەرامبەر پرسی ئاسایشی نەتەوەیی پرۆسەی ریفراندۆم وەك بەشێك لەو پرسە و برەوی پێ بدرێت و جێ پەنجەی ئەو دەزگایانە دیاربێت لەو گۆڕانکارییانەی کە گەرەکە بکرێن. و گرنگە لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانە، ڕێژەی ئاشنابوونی تاکەکانی کۆمەڵگە بزانرێ سەبارەت بە هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی.

ئەم توێژینەوەیە ڕۆڵ و سوودو گرنگی خۆی بۆ تاکی کورد هەیە، تاکو لەم دۆخەدا کە چواردەوری دوژمن و کەسانی نامۆن، هەستی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی بۆ نیشتمان لە لوتکەدابێ. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرهەڵدەدا کە بزانین ئایا ئامادەگی لەنێو وتاری ڕۆژنامەوانی کوردیدا بەتایبەتی لەڕۆژنامەی خەباتدا هەبووە، بوویێتە هۆی ئەوەی بەتەواوەتی نەیتوانیبێ پەیامی خۆی سەبارەت بە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی بگەیەنێت.

- **ئامانجی توێژینەوە:**

**ئەم توێژینەوە هەوڵ دەدات بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە:**

- ئەو وتارانەی لەو ماوەیەی بانگەشەی ڕاگەیاندن بڵاوکراونەتەوە، چەندە تایبەت بوونە بە پرسی ئاسایشی نەتەوەیی و زانیاری و ئاشناکردنی تاکەکان لەسەر پرۆسەی ریفراندۆم.
- ئەگەر وتارەکانی هەڵگری پەیامی ئاسایشی نەتەوەیی بە پلاندارێژراوانە پەخش و بڵاوبکرێنەوە لەدەزگا میدیاییەکان، ئەوا تاکەکان هەر یەك لەلای خۆیانەوە وەڵامدانەوەیەکی ئەرێنیان هەڵبژاردووە..

- **پرسیارەکانی توێژینەوە:**

1. ئایا وتارەکاندا ئاشکرا بوون سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم دەبێتە پشتێك بۆ پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی؟
2. ئایا لە وتارەکاندا باس لە سەربەخۆیی، ریفراندۆم ـ ڕاپرسی، مافی گەلی کورد، دەستوور و پێشێلکردنی دەستوور، شەراکەتی ڕاستەقینە، یەکگرتنی ئارەزوومەندانە لەعێراق کراوە؟
3. وتارەکانی پرسی ریفراندۆمیان بەزمانێکی ڕوون و ئاسان شیکردۆتەوە؟
4. ئایا لەوتارەکاندا جەماوەر لەڕووی تێگەیشتن وزانیاری بۆ پرسی ریفراندۆم، لەڕووی زانیارییەوە پێی دەوڵەمەند بووە؟
5. ئایا وتارەکان بوونەتە هۆی نەهێشتنی دوودڵی و ترس لەلای جەماوەر؟
6. ئایا لە وتارەکاندا باس لەکاردانەوە ئابوورییە نەرێنییەکانی سەر کوردستان کراوە؟
7. ئایا لەدوو توێی وتارەکاندا، مافی ڕەوابوون و بەربەستەکانی ئەو پرسە لەڕووی یاساییەوە خراوەتەڕوو؟
8. ئایا رۆژنامە خەبات وەکو دەزگایەکی میدیایی، ڕۆڵی خۆی بەسەرکەوتوویی ئەنجام داوە؟
9. رۆژنامە خەبات لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی وتارەکاندا، بیرۆکەی پرسی ریفراندۆمی بەتەواوی گەیاندۆتە جەماوەر بۆ دروستبوونی ڕایەکی گشتی؟

10. لەدوای خوێندنەوەی رووماڵەکانی رۆژنامەی خەبات بۆ شیکردنەوەی پرسی ریفراندۆم، ئایا ئاراستەیەکی ئەرێنی لەلای جەماوەر دروست کردووە؟

11. ئایا رۆژنامەکە پاساوی گونجانی کاتی ریفراندۆمی لەرێگەی وتارەکانەوە خستۆتەڕوو؟

12. ئایا لەدوای بڵاوکردنەوەی وتاری نووسەران، رۆژنامەی خەبات هەستی ئاسایشی نەتەوەیی لەلای خوێنەر زیادکردووە؟

- کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەی توێژەر بریتیە لە رۆژنامەگەری کوردی و رۆژنامەی خەبات بە نموونە کە ناوەڕۆکەکەی بە زمانی کوردی بڵاودەکرێتەوە، وتارەکانی سەرۆك مسعود بارزانی و نووسەرانی رۆژنامەی خەبات وەرگیراوە لەماوەی بانگەشەکردنی پرۆسەی ریفراندۆم کە لە (8/23 تاکو 2017/9/23) درێژ دەبێتەوە، لەسەر ئەو بنەمایە لەکۆی (30) رۆژ ئەو وتارانە وەرگیراون کە لەسەر پرسی ریفراندۆم نووسراونەتەوە لە رۆژنامەکە.

- رێبازو میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفیەو میتۆدی رووپێوی بەکارهاتووە بە بەکارهێنانی دوو شێواز، رێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، بەو پێیەی ئەم رێگەیە گونجاوترینە کە بەکاردێت بۆ ئەو توێژینەوانەی پشت بە تیۆری شیکردنەوەی ناوەڕك دەبەستن بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی سەبارەت بە وتار لە دەزگا میدیاییەکان. و هەروەها توێژەر هەڵساوە بەدابەشکردنی 508 فۆرمی راپرسی بەسەر خوێنەرانی رۆژنامەی خەبات و 20 فۆرمی نەگەڕاوەتەوە.

- سنووری توێژینەوە:

ا- بابەت: وتارە رۆژنامەوانیيە کوردییەکان تایبەت بە ئاسایشی نەتەوەیی لەپرسی ریفراندۆم.

ب – بواری مرۆیی: خوێنەرانی رۆژنامەی خەبات کە لە هەولێری پایتەختی کوردستان دەردەچێت.

ج - بواری کات: لەماوەی (8/23 تاکو 2017/9/23).

بەشی دووەم / دروستبوونی رای گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی بەهۆی پەیامی دەزگاکانی راگەیاندنەوە.

باسی یەکەم / چەمکی رای گشتی:

دەستەواژەی رای گشتی لە دوو وشە پێکهاتووە: را، گشتی. وشەی را وشەیەکە وەک لە فەرهەنگی (الوسيط)دا هاتووە، واتە بۆچوون، باوەڕ. وشەی گشتی بە گشت دەگوترێت وەک لە فەرهەنگی (المحيط)دا هاتووە، ناوێکی کۆیە بۆ گشتی، بۆیە باسکردنی بۆچوون وەک گشتی ئاماژە بە گشتگیربوونی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات کە رای گشتی پەیوەندی بەوەوە هەیە. (ادمين، عرب برف، 2019).

چەمکی رای گشتی (Public Opinion)، یەکێکە لە ئامرازەکانی دەربڕین کە جەماوەر هەر لە کۆنەوە پێی ئاشنابوونەو پەنایان بۆ بردووە؛ رای گشتی یەکێکە لە کاریگەرترین شێواز لەسەر زۆر گۆڕینی بواری ژیانی مرۆڤەکان چ لەرووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی،... هتد. ئەو جۆرە رای گشتییە لەگەڵ هیچ پلانێکی پێش وەختە پەیوەست نییە یان رێکەوتن لەنێوان تاکەکاندا نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی سروشتی و خۆڕسکی روودەدات بەهۆی بەرژەوەندیەکی هاوبەشی هەر تاکێکی ناو ئەو بازنەیەی رای گشتییە خۆڕسکەیە، رەنگە ئەم جۆرە رای گشتییە ماوەکەی کورت خایەن بێ، یاخود درێژخایەن، بەپێی هێنانەدی خواست و داواکارییەکانە. (خضر، موضوع، 2016).

- رای گشتی و دروستبوونی بڕیاری سیاسی:

(لاسوێل Laswell) پێشنیازی کردووە کە پێکهێنانی پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی، چوارچێوەیەکی تیۆری یەکگرتووە کە جێگەی هەموو بەشەکانی پرۆسەی سیاسی تێدا دەبێتەوە چ ناوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی. رای گشتی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان، و بگرە بەشداریکردنە لە پرۆسەی بڕیاردان، پەیوەندی نێوان رای گشتی و بڕیاربەدەستان، کارلێکی سروشتی لە نێوان بەرژەوەندی و پرسەکانی رای گشتی و بڕیارەکانی دەسەڵاتی سیاسیدا دروست دەکات، رای گشتی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە لایەك، و پەرەسەندن و دروستکردنی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە لایەکەی تر مسۆگەر دەکات. بۆیە کەس ناتوانێت نکۆڵی لە پەیوەندی هەستیارو گرنگ و نزیکی نێوان رای گشتی و بڕیاردان لە کۆمەڵگا جیاوازەکان و سیستەمە سیاسییەکاندا بکات. (عبدالعزيز، الاصلاح و النهضة، 2015).

باسی دووەم/ گرنگی و ئەرکی میدیای ئاسایشی نەتەوەیی و هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی:

-راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی:

چەمکی راگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت وەک چەمکێکی نوێ لە بواری راگەیاندندا، یان بوارێکی دیکەی نوێ لە بواری راگەیاندنی تایبەتمەندیدا، کە لەو ماوەیەدا پێ بەپێ لەگەڵ تایبەتمەندییەکان دەرکەوت و هەنگاوەکانی هەڵهێنا و چووە ناو هەموو پیشەکانەوە و وەک چەمکێک کە بەپێی تێگەیشتنە جیاوازەکاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لەگەڵ چەمکی پارچە پارچەبوونی جەماوەر بۆ بوارە جیاجیاکانی ژیان، کە هەر کەناڵێکی تەلەفزیۆن بینەری تایبەتی خۆی هەبێت. (ميرزا، 2006، 34).

بەشێوەیەکی گشتی ئامرازەکانی راگەیاندن رۆڵێکی زۆر گرنگیان لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، و ئەو راگەیاندنە رۆڵی بەرچاوبینی بۆ جەماوەر دەگێڕێت لەو لادان و ئەو دیاریدە نوێیانەی کە هەن و دەبنە کۆسپ بەتایبەت لەبەردەم جوڵەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە. (عامر، ديوان العرب، 2016).

-ئاسایشی نەتەوەیی:

مرۆڤ پێویستی بەوەیە لە دۆخێکی ئارام و سەقامگیریدا بژی، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسودەییە چالاکییەکانی ئەنجام بدات و هەر بەو هۆیەشەوە شەریعەتی ئیسلامی هەندێ

مەسەبەست و زەروریەت و ئامانج و پێداویستی سەپاندووە کە دەبێت بپارێزرێت: خود و ئایین و ماڵ و پارە. تەنها دەوڵەتە دەتوانێت باشبوون و سەقامگیری و ئارامی بۆ هاووڵاتیان بەدەست بهێنێت و ئەوەش تەنها بە بەدیهێنانی ئاسایش و سەقامگیرییە لە وڵات. (خضر، موضوع، 2017).

-ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی:

دەستەواژەی ئاسایشی نەتەوەیی بەکارهێنراوە بۆ دەربڕینی ئەو کۆمەڵە ڕۆڵەی دەوڵەت دەیگێڕێت بۆ دەستەبەرکردنی ئارامی ناوچەکەو خەڵک و چۆنیەتی پاراستنی دەسکەوتەکانی خەڵک و چۆنیەتی بەرگریکردن لەو گەلە، ڕۆڵی دەوڵەتیش بەرگریکردنە لەخاک و گەل لەهەموو جۆرە مەترسییەک چ ناوخۆیی و چ دەرەکی بێت. لەگەڵ دەستبەرداربوونی چەمکی بەرتەسکی ئاسایشی نەتەوەیی کە تەنها لە ڕووی سەربازیی و گرنگی بەرزکردنەوەی لایەنی سەربازی بنیاتنرابوو، هەروەها لەڕووی کراوەیی هەموو جیهان بۆ یەکتری و کاریگەری چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ڕۆڵی دەوڵەتیش داخرا. ڕەهەندی سیاسی، ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی سەربازی و ڕەهەندی کولتووری. ئاسایشی نەتەوەیی چەند ڕەهەندێك لەخۆ دەگرێت:- (محسن،33, 2009).

**یەکەم: ڕەهەندی سیاسی:**

مەبەست لێی پارێزگاریکردنی کیان و قەوارەی سیاسی وڵاتە کە هەردوو لایەنی ناوەخۆ و دەرکی دەگریتەوە، ڕەهەندی ناوەخۆ پەیوەستە بە یەکگرتوویی بەرەی ناوەخۆ و هێنانەدی ئاشتی کۆمەڵایەتی و یەکێتی نیشتمانی. هەرچی ڕەهەندی دەرەکییە پەیوەستە بە تەماع و هێزی وڵاتە زلهێزەکان و هەرێمییەکان، و مەودای لێکچوون و دژی بەرژەوندییەکان لەگەڵ وڵات لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، و کۆمەڵێ ڕێبازی ستراتیژی بڕیاری لەسەر دەدات کە پێشەنگی بەرژەوندییە ئاسایشییەکانە. (مقلد، 1985، 56).

**دووەم: ڕەهەندی ئابووری:**

ئەم ڕەهەندە بە ئامانجی دابینکردنی کەشوهەوایەکی دروست هەنگاو دەنێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان و دابینکردنی شێوازێك لە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی؛ بواری ئاسایشی نەتەوەیی ستراتیژییەتێکی باڵای نیشتمانییە، کە لە خەمی پێشکەوتن و بەکارهێنانی هەموو سەرچاوەکانی دەوڵەتە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانی، و هەروەها بە گەشەی ئابووری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی، کە ئەوانە دوو ئامرازی سەرەکی و هەرە گرنگن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوندییەکانی ئاسایشی دەوڵەت، بۆ بنیاتنانی هێزی بەرپەرچی ستراتیژی و پەرەپێدانی ئاڵوێری بازرگانی، ناردنەدەرەوە و جێگیرکردنی تەکنۆلۆژیا، بەتایبەتی تەکنۆلۆژیای بەرزو زیندوو. (فاروق، مجلة اليقظة، 1986).

**سێیەم : ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:**

ئەم ڕەهەندە بە ئامانجی دابینکردنی ئاسایشە بۆ هاووڵاتیان تا ئەو ڕادەیەی کە زیاتر هەستی ئینتیما و دڵسۆزی پەرە پێدەدات؛ بەبێ دروستبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی مکوڕی لەنزیکردنەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان و بەرەوپێشبردنی خزمەتگوزارییەکانە. ئەم ڕەهەندە پەیوەستە بە پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی وەکو داخوازی سەرەکی بۆ ئاشتی هەموو قەوارە چالاکەکانی دەوڵەوت و هاوکاری ئیرادەی نەتەوەیی و کۆدەنگی گەل لەسەر بەرژەوەندی و ئامانجی ئاسایشی نەتەوەی و گردبوونەوە لەدەوری سەرکردە سیاسییەکەیە، چونکە ئەستەمبوونی ژیانی هەندێکی لە هاووڵاتیان و هەرەشەی هەژاریی لێیان دەبێتە مایەی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی بە تایبەت لە بەر ڕۆشنایی خراپتربوونی کێشەکانی بێکاری و نیشتەجێبوون و تەندروستی و پەروەردە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی. (عبدالحفیظ، ابس، 2020).

**چوارەم: ڕەهەندی سەربازی**

داواکارییەکانی بەرگریی و ئاسایش و پایەی هەرێمایەتی توند دەکات لەڕێگەی دروستکردنی هێزێکی سەربازییەوە کە توانای ئەوەی هەبێت هاوسەنگی ستراتیژی سەربازی و بەربەستی بەرگری لەئاستی هەرێمایەتیدا بۆ پاراستنی دەوڵەت لەدەستدرێژیی دەرەکی دروست بکات، بۆ ئەوەی ئەم هێزە لەدۆخێکی ئامادەباشیی هەمیشەیی شەڕکەرو کارایی بەرزی جەنگاوەرییدا بێت بۆ بەرگریکردن لەسنوورو خاکی دەوڵەتدا. هێزی سەربازی ئامرازێکی سەرەکییە بۆ پشتگیریکردنی سیاسەتی دەرەکی وڵات و بۆ داڕشتنی ڕۆڵی لەسەر ئاستی هەرێمایەتیش، ڕەهەندی سەربازی بەربڵاو دەبێت بۆ ئامادەکردنی گەل و بۆ داکۆکیکردن و هاوکاریکردنێك لەکاتی ڕوودانی هەر جەنگێك. (زكي، ابس، 2016).

**پێنجەم : ڕەهەندی ڕۆشنبیری:**

ئەم ڕەهەندە لەسەر بنەمای پاراستنی بیروباوەڕ و دابونەریت و بەهاکان کار دەکات، کە ئازادبوونی سەرچاوەکانی هێزی نیشتمانی لە هەموو بوارەکاندا لە بەرامبەر هەڕەشەی دەرەکی و ناوخۆییدا پەرە پێ دەدات، و بنکەی هەستکردن بە ئازادی و کەرامەت و ئاسایشی نیشتمان و هاووڵاتیبون فراوان دەکات و توانای بەدەستهێنانی پلەیەکی گونجاو و باشتر بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر دەکات بۆ باشترکردنی دۆخی داراییان بەشێوەیەکی بەردەوام. ڕۆڵی ڕۆشنبیریکردن لەوپەڕی گرنگیدایە بۆ پارێزگاریکردنی وڵات کە بریتیە لە تێزە ڕۆشنبیرییەکانی بەجیهانیکردن و ململانێیە شارستانییەکان، ئەگەر وەکو چەمکێکی گشتگیر تەماشای بکەین لەنێویدا هزرو ڕۆشنبیری و فێربوون و ڕاگەیاندن و هونەر و ئەدەبە. (زكي، ابس، 2016).

ئاسایشی نەتەوەیی واتە توانای گەل لە پراکتیزەکردنی بەها تایبەتییەکانی لەبەرامبەر فرەیی ڕەهەندەکانی، و دەتوانرێ بگوترێ ئەرکی سەرەکی لە ئاسایشی نەتەوەیی جەختکردنە لەسەر بەهاکانی مرۆڤ، چونکە بنکە پان و فراوانە جەماوەرییەکە کۆڵەکەی ئاسایشە، لەگەڵ ئەوەی هێزی سەربازی گرنگ و پێویستە، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا هێزێکی دیکەی گرنگ هەیە کە ئەویش ئابوورییەو بەشی داهاتی نەتەوەیی هەر تاکێکە و پلەی گەشەی کۆمەڵگەیە و گوزارشتکردنی ڕاوبۆچوونیانە.

**گرنگی ڕاگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی:**

**کاری میدیای ئاسایشی نەتەوەیی سێ لایەنەی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە بریتیە لە:** (الجحنی، 2001، ل33-34).


- هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بەرچاو ڕوونیان لە مەترسییەکانی تاوان

- هاندانی جەماوەر بۆ هاوبەشیکردنیان لەگەڵ پیاوانی ئاسایش و بەشداریکردنیان لە وەستانەوەیان لەدژی تاوان و لادان.

- بەدەرخستن و زەقکردنەوەی لایەنی ئەرێنی پیاوانی پۆلیس، و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیان.

بەرپرسیارێتی میدیای ئاسایشی نەتەوەیی بە پلەی یەك بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێت کە کەشێکی ئاسایشی جێگیر دروست بکرێت لەڕێگەی هاوکاری ئەرێنی نێوان پیاوانی ئاسایش تاکەکانی کۆمەڵگە، لەو ڕووەوە کە هەستێك لەلای هاووڵاتی دروست بکرێت، کە ئارامییەك لەسەر خۆیان و بەرژەوەندییەکانیاندا هەیە، بەڵام ئەوەی لەسەر ئەوانە، کە بزانن ئاسایش بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە، هەمووان لەسەر پشتی یەك کەشتین، بۆیە دەبێت هەموو بە ئاگا و هۆشیار بن، لە هەر هەڵەیەك دەبێ هاووڵاتی بەشدار بێت بۆ ڕاستکردنەوەی، و بەرژەوەندی گشتی و بایەخی ئاسایشی کۆمەڵگە لەبەرچاو بگیرێت، ئەگەر هەموو ئەمانە درك پێ بکەین، ئەوا هەمووان لەسەر پشتی ئەو کەشتیە ڕزگارمان دەبێت ئەگەر شەپۆلە سەرشێتەکانیش بێتە ڕێی گەشتی ژیانمان، و ئەگەر تەنها کەسێك بووە هۆی ڕاگرتنی ئەو هاوبەشیە، ئەوا مەترسیەکەی بۆ هەمووان دەبێت نەك بەتەنها بۆ ئەو کەسە. (الجحنی، 2001: 33-34).

**نموونەی ئەرکی ڕاگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی:**




**شێوەی ئەرکەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەرامبەر پارێزگاری لە ئاسایشی نەتەوەییدا ڕوون دەکاتەوە.**

**بەشی سێیەم / گرنگی هۆشیاری و پەیوەندی و ڕۆڵ و ئامانجی ئاسایشی نەتەوەیی**

**باسی یەکەم /: ئامانجی ئاسایشی نەتەوەیی و گرنگی پەیوەندیکردن:**

**گرنگی هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی:**

**هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی،** چەمکێکی گشتگیرە و پەیوەندی بە هەموو کایەکانی ژیانەوە هەیە، نەک تەنها بۆ دەزگایەک، بەڵکو پەیوەستە بە هەموو دەزگایەک، و هەروەها پەیوەست نیە تەنها بە تاکێکی کۆمەڵگە، بەڵکو پەیوەستە بە بەرپرسیارێتی تەواوی کۆمەڵگاوە. ئاسایشی نەتەوەیی مانای ئەوە نییە کە کۆمەڵگا تاوان و توندوتیژ تێدانییە، بەڵکو مەبەست لێی کەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانە و ڕێگرتنیەتی پێش ئەوەی ڕوویدات یاخود لەدووبارەبوونەوەی، ئەمەش دەستەبەر نابێت تاکو هەماهەنگی لەنێوان هەموو ئەندامانی کۆمەڵگاو دامەزراوەکان نەیەتەدی و هاوکاری یەکتر نەبن و دەزگاکان نەبنە سەکۆیەك بۆ ڕۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە. هۆشیاری ئاسایشی نەتەوەیی تەنها لە ئەستۆی دەوڵەت و دامەزراوەی ئەمنییەکانی نییە، بەڵکو ئەوە ئەرك و بەرپرسیارێتی هەمووانە و ئاسایش و سەقامگیری کۆمەڵگا دەکەوێتە سەر شانی یەکە یەکەی تاکەکانی کۆمەڵگە، تاکو ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێت و پارێزگاری لە ئارامی و سەقامگیری وڵات بکرێت. (زامل، ریسیرج گیت، 2018).

پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و ئاسایشی نەتەوەیی:

چەند پەیوەندییەك لەخۆ دەگرێت کە بریتیە لە: (الجحني، 2000، ل135).

-زیاتر لە 90 %ی جەماوەر بە گشتی ڕاگەیاندن وەک سەرچاوەی یەکەم و سەرەکی بۆ زانیاری لەسەر تاوان دادەنێن، چونکە هەندێک جار ڕاگەیاندن وردەکاری ورد و دروست لەبارەی تاوانەکانەوە پێشکەش دەکەن، ئەمەش وا لە جەماوەر دەکات کە لە هۆکار و پاڵنەرەکانیان بزانێ و تاوتوێی بکات.

-تاوان بە بەراورد لەگەڵ بابەتەکانی تر، ڕووماڵکردنێکی فراوانتری دەوێ و بڵاوکردنەوەی دەبێتە هۆی سەرنجڕاکێشتر لە بابەتەکانی دیکە، پەی پێبردنی جەماوەر بۆ ئەو دیاریدانە زیاتر پشت بە پێشکەشکردن و خستنەڕووی تاوانەکان دەبەستێت لە میدیاکاندا وەک لە ئامار و ڕووداوەکانی دیکە، چونکە ئەزموونی خەڵک لە سەر چۆنیەتی و ئەنجامدانی تاواندا کەمە، کاتێک بە بەراورد لەگەڵ وردەکارییە وردەکانی تاوانەکە کە لەلایەن میدیاکانەوە دەگوازرێنەوە.

لە بەرامبەر ئەم توانا گەورەیەی ڕاگەیاندندا بۆ کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ لە هزر و هەست و هەڵسوکەوتیاندا، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕۆڵی کارا و هێزی ڕاگەیاندن لە بونیاتنانی ئاراستە لەلای تاک و کۆمەڵگاکان، و کاریگەری لەو زانستەوەش کە ڕاگەیاندن چەکێکی دوو سەرەیە و ئەگەر بۆ بەرژەوەندی نەتەوە نەخرێتەگەڕ، ئەوا بێگومان لە دژی بەکاردێت، لە کاتێکدا میدیا پێی وایە کە دەزگایەکی گەورەو پێویست و گرنگی ژیانی ئەم سەردەمەیە، بۆیە دەبێت سەربەخۆ بێت لەکارکردن و چێژی زۆر لە یاخیبوونی فەرمانەکانی دەسەڵاتی باوکانەی دەبینێت کە دەسەڵاتی ئێستاکەی دەوڵەتە، دەیەوێ ئازادی بڵاوکردنەوەی هەبێت، بۆیە زۆرجاران پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و ئاسایشی نەتەوەیی کە لەبەرەی دەسەڵاتە دووچاری کێشمەکێش دبنەوە.. بۆیە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن کارکردنیان لەگەڵ ئاسایشی نەتەوەیی لاوازە. (العسيري، 2014، ل78).

ئامانجی ڕاگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی:

ڕاگەیاندن، پرۆسەیەکی پەیوەندی بابەتی ڕووتی بێلایەنە کە بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی کۆنترۆلکردنی هەست و سۆزی جەماوەرە لە ڕێگای ئەوەی کە ڕاستییەکان وەک خۆی پێیان ڕادەگەیەنێت. (العبد، 1997، ل16).

ئەوەی لێرەدا گرنگە، جەخت لەسەر ئەوە بكرێتەوە كەوا ڕاگەیاندن لە هەر كۆمەڵگایەكدا خاوەنی پەیامێكی گشتگیرەو بەسێ ناونیشانی سەرەكی سنوردارە: ڕاگەیاندن و هەواڵ یان هەواڵەكان، هۆش یاریكردن و كات بەسەربردن، لە ژێر ئەم سێ ناونیشانە هەموو بایەخەكانی مرۆڤ و كۆمەڵگا پۆلێن دەكرێن، یان مرۆڤ لە كۆمەڵگادا، یان كۆمەڵگا بەو پێیەی وەک خانەیەكی دووبارە و گەشەسەندووی مرۆییە. پەیامی میدیاكان لە كاری ڕۆژنامەوانی و ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بۆ بەدیهێنانی ڕایەڵبەندێكی ڕێبازیی، كۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و مرۆییە بەهۆی ئەم سێ ئەركەدا: گەیاندنی ڕاستی و ڕووداوەكان، ئەوە ڕایەڵبەندی هەواڵی دروست دەكات، ئەگەر ئەو هەواڵە لەنێو هەموو خەڵكدا بڵاوبۆوە، ئەوە دەبێتە ڕایەڵبەندێكی كۆمەڵایەتی، یان نەتەوەیی، یانیش مرۆڤایەتی. (البداینة، 2005، ل5).

پەیامی میدیایی ئاسایشی نەتەوەیی:

خودی پەیام و داڕشتنی پەیامی میدیای بریتیە لە كرۆكی هەواڵ و زانیاری لەسەر ڕووداوێك، واتە پێكهاتەی شێوەو ناوەرۆكە، بۆیە دەبێت شێوە گونجاو بێت لەگەڵ ناوەرۆك و هەروەها بگونجێت لەگەڵ جۆری ئەو كەناڵەی كە بەكارهاتووە بۆ بڵاوكردنەوەی ئەو هەواڵە، مەرجە بەزمانێكی ڕوون و ئاسان و سادەو ڕەوان بنووسرێتەوە تاكو زۆرترین توێژی كۆمەڵگە لەمەبەستی ناورۆكی پەیامەكە تێبگەن و شیكردنەوەی جیاجیای بۆ نەكەن، دەبێ مەبەست لە پەیام و نامەی میدیایی زۆر ڕوون بێت و مەبەست بپێكێت. (عامر، فيس بوك، 2019).

خەسڵەتی ڕاگەیاندنی ئاسایشی پیشەیی و تایبەتمەندییەكانی:

تایبەتمەندیەكانی میدیای ئاسایشی پیشەیی لە نزیكەوە بەستراونەتەوە بەو ئەرک و ئامانجانەی كە بەدوایدا دەگەڕێت بۆ بەدیهێنانی، پێویستە جیاوازی بكرێت لە نێوان ئاستی چالاكی كە لەلایەن میدیای ئاسایشی پرۆفیشناڵەوە ئەنجام دراوە لەگەڵ جەختكردنەوە لەسەر پەیوەندی نزیكی نێوانیان:

داماڵین لەهەر ئامانج و چالاكییەكی میدیایی (Abstraction Ladder). كە مامەڵە لەگەڵ ئاسایشدا دەكات وەک چەمک و كارو كردارێكی بنەڕەتی كۆمەڵگا و پێویستییەكی كۆمەڵایەتی هەنووكەیی، چالاكییەكە بە ئامانجی دانانی چەمكی ئاسایش لە نێو پێشینەییە (ئەولەویات)ە گشتی و تاكییەكانی ناو كۆمەڵگا و پەیوەست بە بەدیهێنانی ئینتیما و دڵسۆزی و پاڵپشتی هەستی نەتەوەیی و هەست بە گرنگی بەشداریكردن لە پاراستن و بەرگری نیشتمان و متمانە بە دەزگاكانی ئاسایش و كاراییان و دۆزینەوەی وێنەیەكی پۆزەتیڤی دەروونی كۆكراوە لێی بۆ ڕای گشتی. ئەم ئاستە لە چالاكیدا نوێنەرایەتی ئەوە دەكات كە پێی دەگوترێت "مارشاند Marchand " وەک ڕووماڵێكی گشتی لە كاتی ئاشتیدا، ئەم جۆرە چالاكیانە زۆرجار بەو جۆرە دەبن:(خضور، 2006). ئامانجی میدیای ئاسایشی نەتەوەیی پۆلێن دەكرێت بۆ دوو ئامانجی سەرەكی كە بریتین لە: (العمرات، 2005، 44).

1- ئامانجی گشتی ڕاگەیاندنی ئاسایشی:

مەبەست لە ڕاگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی، زیاتر بۆ دروستبوون و گەشەكردنی ڕەفتاری كۆمەڵایەتی گشتی كۆمەڵگەیە تاكو بایەخ بە ئاسایشی و ئارامی بدەن، ئەوەی لەرێگەی ئەنجامدانی هەڵمەتی ڕاگەیاندنی مەبەستدار بەو ئاراستەیەو تاكو هاووڵاتی بەرچاوڕوونی هەبێ لەسەر ئەرك و گرنگی كارمەندانی ئاسایشی نەتەوەیی و ڕۆڵیان لە پاراستنی گیان و سەروەت و سامانی تاكەكانی كۆمەڵگە هەبێت. و هەروەها خستنەڕووی داتاو زانیاری و هەواڵی تایبەت بە ئاسایش، تاكو هاووڵاتی ئاگاداری هەموو ئەو زانیارییە ڕێگەپێدراوانە بێت كە دەزگا ئەمنییەكە بڵاویان دەكاتەوە و لەهەمان كاتدا ڕێگە بگرن لە بڵاوبوونەوەی پروپاگەندەی بێ سەروبەرو بێ بنەما كە ئاراستەو ڕەفتاری شەڕانگێزی بەدوای خۆیدا دێنێت..

2- ئامانجی تایبەت بە نیشاندانی وێنەی ڕاستەقینەی كارمەندانی ئاسایش:

تاكو هەستێك لەلای هاووڵاتی دروست ببێت، كە دەزگاكانی پۆلیس و ئاسایش توانای بەرقەراربوونی ئارامی و سەقامگیرییان هەیەو پێویست ناكات تاكەكانی كۆمەڵگە خەم لەو بوارە گرنگە بكەنەوە، با ئەوان بچن كارو باری ڕۆژانەی خۆیان ئەنجام بدەن. ئەوە دەزگاكانی ئاسایشە ڕۆڵی سەقامگیری و ئارامی وڵات دەستەبەر دەكات. كارمەندانی پۆلیس و ئاسایشە كە هەرگیز نانون بۆ ئەوەی هەرچی لادەرو تاوانبارە ڕاپێچی بەردەستی دادگای بكەن و كۆمەڵگە پاك بكەنەوە لە پیاوخراپ و تاوانكار و گیانی شەڕانگێزی تێكەڵ بە ژیانی ئاسایی كۆمەڵگە نەبێت.

باسی دووەم /: تایبەتمەندی و توانا تەكنۆلۆژی و ئامرازەكانی ڕاگەیاندنی ئاسایشی نەتەوەیی:

تایبەتمەندی ئاسایشی نەتەوەیی:

-كۆمەڵگەی نەتەوەیی، ئەمە گوزارشت لەیەك گەلی هاوچەشنی یەكگرتوو دەكات، كە بونیادی كۆمەڵایەتی بۆ دەوڵەت یان گەل پێكدەهێنێت.

-بوونی چوارچێوەیەكی سیاسی بۆ ئەم كۆمەڵگەیە كە ئەمەش دەوڵەتە یان سیستەمی فەرمانڕەوایە كە كۆنترۆڵی كاروبارەكانی دەوڵەتی كردووە.

دەوڵەتی نەتەوەیی، چوارچێوەیەكی سیاسی و سیستەمە بۆ چەمكی ئاسایش و سەروەری، ئەمەش سەنەدی شەرعییە كە چەمكی ئاسایشی نەتەوەیی پشتی پێ دەبەستێت. (قدور، 2009، ل15).

ستراتیژی گۆڕان: كار دەكات بۆ گۆڕینی ڕەفتاری نەرێنی بۆ ئەرێنی:

ستراتیژی بەشداریكردن: بە پێدانی ڕێنمایی جەماوەر لە هاوكاریكردنی لەگەڵ دەزگاكانی ئاسایشی نەتەوەیی، هاوكاریكردنی پۆلیس لە بەرەنگاربوونەوەیان لە تاوان و ئاشكراكردنی ئەنجامدەران. (محمود، 1998، ل7).

پرسیار دەكرێت لەسەر شێوازەكانی ئاشتی و گونجاوی بەدەستهێنانی ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و پەیامنێرەكانی بۆ ئەوەی زانیارییان لەسەرچاوە ئاسایشییەكان دەست بكەوێت، بۆ ئەوەی میدیاكار لەم بوارەدا بەهەڕەمەكی كارنەكات و بە خەیاڵی خۆی پرس و ڕووداوەكان دانەڕێژێت و ڕاستییەكان نەشێوێنرێت، لەبری سوود بە زەرەر بكەوێتە لەسەر كۆمەڵگە، بەڵام دەبێت لەوە دڵنیا بێت كە پزیشكی ڕاستەقینە سوێندی پیرۆزی پیشەكەی خواردووە، هەرگیز نهێنی نەخۆشەكانی ئاشكرا ناكات، هەروەها میدیاكاری ڕاستەقینە كە پابەندە بە یاساو ڕێسای پیشەكە و دەستورەكەی، هیچ سەرچاوەیەكی هەواڵەكانی ئاشكرا ناكات و هەر بۆیە پەیوەندی نێوان میدیا و ئاسایش

دەبێت ئەو پەیوەندییە لە هەوڵی پاراستنی کۆمەڵگاو لە چوارچێوەی دابونەریتە ئایینی و بنەما ئەخلاقییەکاندا گرنگی پێ بدرێت. (شقرون، 1988، ل48 – 49).

پلان و کاری ڕاگەیاندنی ئاسایشی:

لە پلانی ڕاگەیاندنی ئاسایشیدا پێویستە ئەم سەرنجانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت:

خستنەڕووی ڕاستی و دروستی زانیارییەکانی تایبەت بە بواری ئەمنی، بەتایبەتی سەبارەت بەو هەواڵانەی کە پەیوەندی بە ئاسایش و ژیانی کۆمەڵگەوە هەیە، هەروەک ئەمە دەبێتە هۆی دروستکردنی متمانە لەنێوان پۆلیس و جەماوەردا، کە پشتگیری لە پەیامی پۆلیسی ناو کۆمەڵگە دەکات.

پۆلێنکردنی هەواڵی جیاواز بەپێی سروشتی کاری ئەمنی و هاوشان لەگەڵ سیاسەتی گشتی دەوڵەت بەرچاو بگیرێت، چونکە هەندێک جار لەبەر ڕەچاوکردنی هەلومەرجی ئەمنی، کۆمەڵایەتی یان سیاسی هیچ هەواڵێك بڵاوناکرێتەوە.

- شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕووداوەکان لە داڕشتنی پەیامی میدیایی، و لێدوان لەسەریان بەشێوەیەکی زانستی.

- دۆزینەوەی یاسایەك بۆ هەماهەنگی نێوان سەنتەری دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەمنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتدا بۆ ئەوەی ڕۆڵەکە تەواوکار بێت لەخزمەتی ئاسایش و کۆمەڵگادا.

- بۆ پێشکەشکردنی پەیامی میدیای ئاسایشی نەتەوەیی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش و ڕوون و هاوتا لەگەڵ چین و توێژە جیاجیاکانی جەماوەر و توێژەکانی کۆمەڵگەی وەرگر بۆ پەیامی پۆلیس. (العمرات، 2005، 50).

ڕاگەیاندنی ئاسایش و کۆمەڵگا:

ئێمە باس لە چەمکی ئاسایش دەکەین وەک بەدیهێنانی گەورەترین تێکەڵییەکی لە هاوگونجانی نێوان کۆمەڵگا (تاک و گرووپ) و پێوەرەکانی سەقامگیری و ئاسایشیی تیایدا، چالاکییەکانی ڕاگەیاندن لێرەدا دابەشبوون بەسەر بنەمای چۆنایەتی قبوڵ ناکات. لە حاڵەتی وادا ناتوانرێت باس لە ڕاگەیاندنی ئەمنی یان نائەمنی بکرێت، بەڵکو دەکرێت باسی ئاسایش بکرێت وەک یەکێک لەو ئەرکانەی کە تەواوی چالاکی میدیایی لەکۆمەڵگادا دەبێت بەدەستی بهێنێت. بۆیە لەم چوارچێوەیەدا، پەرەسەندنی چەمکی ئاسایش لانی کەم لە ئاستە تیۆرییەکەدا ڕەنگە بمانباتەوە بۆ خوێندنەوەی زۆربەی ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوەی زانیارییە پێشوەختەکان، ئەم خوێندنەوە نوێیەش لەبەر ڕۆشنایی چەمکی گشتگیری ئەمنیدا بەرەو ئەوەمان دەبات کە پێشەنگەکانی توێژینەوەی میدیایی ئاسایشیان بە یەکێک لە کارە بنەڕەتییەکانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکان داناوە، یان ئەو ئەرکانەیە کە خەڵک چاوەڕێی دەکەن ڕاگەیاندن پێیان هەڵبستێت، ئەگەر زاراوەی جیاوازیش بەکاربهێنرێت کە ڕەنگە کۆنترۆڵی توێژینەوەکانی ڕاگەیاندن بکەن بۆ ماوەیەکی زۆر و ڕەنگە تاکو ئێستاش هەر مابێ کە دوو ئاراستەی سەرەکی هێشتا بوونیان هەیە: (زیادة، 2010، ل66).

یەکەمیان، پێشترەو لە بواری مێژووییە، واتە بەدەرهاویشتەی لێکۆڵینەوەی کاریگەرییەکان بەرکەوتنی ڕاگەیاندن، کە بە (توێژینەوەی کاریگەرییەکان Effects research) ناسراوە. و ئاراستەکەی دیکە واتە تەماشاکردنی ئەو ئەرکانەی کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ژیانی جەماوەری خۆیدا ئەنجامیان دەدات.

ئاراستەی دووەم لە دەرەنجامی ئەو زەحمەتەی کە ڕووبەڕووی ئاراستەی یەکەم بۆوە دروست بوو لە گەیشتن بە دەرەنجامی دیاریکراوی تایبەت بە کاریگەرییە دەرهاویشتەکانی بەرکەوتن بەئامرازەکانی ڕاگەیاندن. بەم شێوەیە توێژینەوەی میدیایی دوو جۆر پرسیاری بەسەردا زاڵ بوو: یەکەمیان پەیوەندی بە چۆنیەتی و ڕادەی کاریگەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و چۆنیەتی ڕوودانیەتی بەو کاریگەرییانە. دووەمیان پەیوەندی بەو هۆکارانەوە هەیە کەوا لە خەڵک دەکات ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاربهێنێت و پاڵنەرەکانی پشت بەرکەوتنی ئەم میدیایانە چییە. بەکورتی ئاراستەی یەکەم بایەخ بەوە دەدات کە میدیا چی لە خەڵک دەکات، هی دووەمیشیان ئەوەیە کە خەڵک چی بە ئامرازەکانی میدیا دەکات. (مرسال، 2001، ل18).

بەشی چوارەم / لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە

باسی یەکەم: وتاری سەرۆك مسعود بارزانی لە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی لەپرسی ریفراندۆمی کوردستاندا کە لە ڕۆژنامەی خەباتدا بڵاوکراوەتەوە.

* لەژمارە (5354)، و لاپەڕەکانی (1-3-4-5)ی ڕۆژنامەی خەباتی ڕۆژی هەینی 2017/9/22، وتاری سەرۆك بارزانی لە کەرنەڤاڵی بانگەشەی پشتگیری لەڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لە هەولێر بڵاوکرایەوە لێرەدا توێژەر شیکردنەوە بۆ چەند پەرەگرافێکی دەکات:

سوپاسی بێ پایان بۆ ئێوەی خۆشەویست و جەماوەری شاری هۆلاوکۆبەزێن هەیە. شاری ڕەسەن. ببورن دەزانم ئەمە چەند سەعاتێکە ئێوە لەبەر ئەم گەرمایە لێرە چاوەڕوانن. بەڵام بۆ سەربەخۆیی هەموو فیداکارییەك ئاسانە. سوپاسی ماندووبوونتان دەکەم و دەشزانم هەولێر هەر هەولێرە.

ئازیزان: ئەمڕۆ کە لێرە کۆبووینەتەوە، لەپایتەختی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بەیەك دەنگ، بەناوی هەموو گەلی کوردستانەوە بڵێین: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.

شیکردنەوەی ناوەڕۆك: (وتاربێژ دوایین وتاری لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان پێشکەش دەکات و لەنێو جۆش و خرۆشی و چێژی بەدیهاتنی خەونی کورد، بۆیە لێرەدا سەرۆك لەنێو حەشاماتی زۆری شاری هەولێر گەرموگوڕی زیاتری پێوە دیاربوو، بە دەستەواژەی ئاشنا بەو شارە کلیلی وتارەکەی دەکاتەوە کە کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی جەماوەر هەیەو ئاراستەیان دەکات. ناوی قارەمانێتی و پاڵەوانێتی ئەو شارە دەکات).

..ڕەنگە زۆر کەس ئەو پرسیارە بکەن، بۆ گەلی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمیدا؟ ئێمە چەند ساڵێکە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە ئیتر ئێمە لەگەڵ بەغدا چیتر ناتوانین بژین، زۆر هەوڵماندا، لەگەڵ هەموو لایەنەکان، لەگەڵ خودی بەغدا، کە چارەسەرێك بدۆزینەوە بۆ ئەو گرفتانەی کە هەن و ئیلتزام بە دەستوور بکرێت، شەراکەت قبووڵ بکەن هەروەکو لەسەری ڕێککەوتبوون، بەڵام بەداخەوە نە شەراکەت

ما، نە دەستوور ما، لەو دەستوورەشدا هاتووە:(أن الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر) ناڵێ وەحدەتە، دەڵێت ئیتیحادە، واتە پێکەوەژیانێکی ئارەزوومەندانە.

شیکردنەوەی ناوەڕۆك: (وتاربێژ بێ ئومێدی دەسەڵاتی کوردی لەگەڵ بەغدا دەخاتەڕوو و پاساوی بەڵگەئامێز دەخاتە بەردەم جەماوەری شاری هەولێر.. وتار بێژ ئاماژە بەوەش دەدات کە مۆڵەت و دەرفەتی زیاتر دراوەتە بەغدا، کەچی ئەوان لەشەراکەت بێزاربوونەو لە دەستووریشدا پێکەوەژیان بە ئارەزوومەندانە باسی لێوە کراوە).

.. زۆر بەڵێنیان پێماندا، هیچ بەڵێنێکیان جێبەجێ نەکرد و هەمووی بەزیانی ئێمە تەواو بوو، ئێستاش تا دوابکەوین زەرەرمەندین، بۆیە تا زووترە با دەست پێ بکەین، دەستی ئێوە و ئەم میللەتە خۆش، ڕۆژی 25ی مانگ بڕۆنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و چارەنووسی خۆتان دیاری بکەن. لەم ڕۆژانەی دواییدا حەتمەن ئێوەش زۆر گوێتان لە هەڕەشەی جۆراوجۆر بووە، هەڕەشە دەکرێت بەوەی سزامان دەدەن، وەڵامی منیش ئەمەیە: ئەمە 100 ساڵە گەلی کوردستان سزا دەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟ تێر نەبوون لە سزادانی خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر پێتان خۆشە دیسان بۆ سزادان بگەڕێنەوە، واز لە خەڵکی کوردستان بهێنن و وەرن من سزا بدەن.

.. ئێمە وامان دەزانی دوای 2003 دەرفەتێکی تازەیە بۆ هەموو خەڵکی عێراق کە عێراقێکی تازە دروست بکەینەوە، کە خەڵکی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکییان بینی، ئێمە وامزانی وێرانکردنی 4 هەزار و 500 گوند، بزرکردنی 12 هەزار گەنجی فەیلی، 8 هەزار بارزانی، ئەنفالکردنی 182 هەزار کەس لە ساڵی 1988، کیمیابارانی هەڵەبجە و سەرتاسەری کوردستان..

شیکردنەوەی ناوەڕۆك: (وتاربێژ لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی بڕیاردان، دەستەواژەو شێوازی وتارەکەشی گەرم و گوڕو پڕ جۆشتر دەبێت.. ئەوەتا سزای 100 ساڵەی بەغدا بۆ سەر گەلی کورد دەهێنێتەوە یادی گەلە ستەمدیدەکەی کوردستان کە هەمیشە زوڵم و زۆریان لێ کردووە لە ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستن و..تد.. فیداکاری و گیان بەختکردن وەکو دەستەواژەیەك بۆ جوڵاندی هەستی نەوایەتی بەکاردێنێت کە دەڵێت وەرن سزای من بدەن لەبری میللەتێك کە شایانی هەموو مافێکە، کەچی مافی سەرەتایی خۆی پێ ڕەوا نابینن، سەرۆك لەگوتارەکەیدا دەزانێ لەچ سۆنگەیەکەوە دەست بۆ هەنگاو بە هەنگاوی جێبەجێکردنی ئەو پرسە دەکات و دەزانێ چەقی بەهێزو گرنگ و دوایین وێستگە هەولێرە بۆ دەنگی بەڵێ، دەزانێ ئاهەنگێڕان لە هەولێر کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستان، سەرۆك لە گۆڕەپانی فرنسوا هەریری شادومان و سووربوونی خۆی لەسیمادا بەدیار دەکەوت، سەرۆك توانی لەگوتارەکەیدا بانگەشەی ڕیفراندۆم و ئەنجامدانی زۆر سەرکەوتووانە بەرێوە بەرێت)....

.. ئێمە بێتاقەت بووین، ماندووبووین، ناتوانین لەم شێوە پەیوەندییە لەگەڵ بەغدا بەردەوام بین، بەڵام بەهەندیان وەرنەگرت، زۆرێکیان وایان دەزانی ئەمە کارتی فشارە و یان هەندێکجار دەیانگوت ئەمە بۆ دەربازبوونە لەقەیرانی ناوخۆ... کاتێك لەرۆژی 7ی حوزەیران بڕیاری ڕیفراندۆم درا کە بڕیارێکی بوێرانە بوو، ئینجا هەموو لایەنەکانی دەرەوە و لە بەغداش هەندێکیان پێیانوابوو کە لەنێوخۆماندا دووبەرەکی دروست دەبێت..

.. من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم..

.. پاشان ڕیفراندۆم بۆ دەستنیشانکردنی سنوور نییە، بۆ سەپاندنی ئەرزی واقع نییە، هەنگاوی یەکەمە، گەلێك دەڵێت: من دەمەوێت سەربەخۆبم. خواست و داواکاری ئێمە لەبەغدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەوەیە..

شیکردنەوەی ناوەڕۆك: (وتاربێژ باس لە دەستدانی دەرفەتی گەلی کورد دەکات لەگەڵ بەغدا بۆ ئەوەی عێراقێکی هاوبەش بونیاد بنێن، بێ ئومێدی سەرۆك بەعێراقەوە دیاربوو.. کوردستان بە ناچاری ئەو بڕیارەی وەرگرت لە دەرەنجامی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری چەوتی دەسەڵاتی بەغدا بوو.. عێراقێك هیچ بەهاو نرخێك بۆ میللەتێك دادەنێت، چۆن سەرکردەکەی پەنا بۆ ڕێگەچارەی دیکە نابات، هەست و سۆز جووڵاندنی لێرە گەیشتە لوتکە کە سەرۆکێك بەرامبەرەکەی دەڵێت من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم، هێزو وزەی جەماوەر دەیان جار بارگراویتر دەبێت و چۆن ئەو گەلە ناڵێ.. بەڵێ).

.. لەوەتەی دەوڵەتی تازەی عێراق دامەزراوە، ئێمە هەر دەڵێین براین، با برا بین، با شەریك بین. لەکوێی دونیا دیوتانە میللەتێك 182 هەزار کەسی بێسەروشوێن کرابێت کە بەشی هەرە زۆریان ژن و منداڵ بوون، گەنجەکانی فەیلی و بارزانییەکان بردیانن بۆ ناوچەکانی عەکاشات و قائیم، تەجروبەی چەکی کیمیاییان لەسەر کراوە. لەکوێی دونیا هەیە دەوڵەتێك میللەتی خۆی بە ژەهری کیمیایی ئیبادە کردبێت، ئینجاش بچینەوە بڵێین: ئێمە برای یەکین..

..ڕۆژی 25 مانگ بڕۆنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و چارەنووسی خۆتان دیاری بکەن، ئەوەی دەترسێت با نەچێت بۆ دەنگدان، یان با بڵێ نەخێر.

.. بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەبێت بۆ هەموو باجێك ئامادەبین، چونکە ئێمە لە دووڕیانێکداین، یان ژیانی بندەستی هەڵدەبژێرین یان ژیانی سەربەستی و سەربەخۆیی. باجی ژیانی بندەستی لەدەستدانی ئیرادە و کەرامەتە، بەڵام دەژی. باجی سەربەخۆیی و سەربەستی، سەرفرازی و شەرەفە، بەڵام مومکینە بمرین.


.. دەڵێم شەرەفمەندین، هەولێر هەر هەولێرە... (بارزانی، 2017، ل1-3-4-5).

شیکردنەوەی ناوەڕۆك: (وتاربێژ جەختکردنەوەی لە قوربانی و گیانفدایی لەپەیامەکەدا خستنەڕووی، درککردن بە مافە ڕەواکانی گەلی کوردو خستنەڕووی بەڵگەی پێشێلکردنی شەراکەت و تەوافق لەبەغدا.. و هەروەها دروستکردنی وەعی جەماوەری و دروستکردنی ئاسایشی نەتەوەیی دەبینرێت.. دەرخستنی واقیعی تاڵی دەوڵەتی عێراق و داخستنی هەموو ڕێگەیەکی لێك تێگەیشتن و پێکەوە ژیان. کاتێ میللەت کەرامەت و مافی پێشێل دەکرێت، چ بەهایەك بۆ ژیان ماوەتەوە ).

## باسی دووەم: بەشـێك لە شـیكردنەوەی ناوەڕۆك بۆ وتارەكانی سـەرۆك بارزانی لەپرسی ڕیفراندۆم و لە ڕۆژنامەی خەبات.

**خشتەی ژمارە (1) جۆری ڕووماڵكردنی وتارەكانی سەرۆك بارزانی لەماوەی پرسی ڕیفراندۆم**

| وتار | شرۆڤە | چاوپێکەوتن | لێکۆڵینەوە | ڕاپۆرت | بەدواداچوون | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | - | 4 | - | - | - | 14 |




**وێنەی ژمارە (1) جۆری ڕووماڵكردنی وتارەكانی سەرۆك بارزانی لەماوەی پرسی ڕیفراندۆم**

بەپێی خشـــتەی ژمارە (1)، دەردەكەوێت كەوا لەو ماوەیەدا وتار (10) جار دووبارە بۆتەوە كە دەكاتە ڕێژەی (71%)دا، و لەدوای ئەودا چاوپێكەوتن دێت كە ئەویش (4) جار دووبارە بوونەتەوە لەو ماوەیەداو كە دەكاتە ڕێژەی (29%)..

ســــەرۆك بارزانی زیاتر جەختی لەســـــەر وتاردان كردۆتەوە كە زیاتر كاریگەری ڕاستەوخۆ هەیە لەسەر جۆشدان و پتەوكردنی ڕۆڵی هەستی نەتەوایەتی و زیاتر گەشـەكردنی ئەو هەسـتە، دیداری ڕاسـتەوخۆ و ڕووبەڕوو بێگومان كاریگەری زیاتری لەســـەر گەیاندنی پەیام و پێكانی ئامانجەكەیە، چونكە بینەر ڕاســـتەوخۆ كاریگەرییەكان دەبینێ و ئاماژەكان تەنها بەوشــە نابن، بەڵكو جووڵەو فۆنەتیك و بەرزو نزمی دەنگی وتاربێژیش لەخۆ دەگرێت، لەگەڵ ئەوەشــدا دیداری ســەرۆك و گەل، دیدارێكی ناوازەی پڕ لە متمانەیە، كاتێ میللەت ڕاســـتەوخۆ دەبینێ ســـەرۆك پێت دەڵێت بەڵی بۆ سەربەخۆیی، چۆن بینەر نابێتە گرگاتێك لەهەستی نەتەوایەتی و چۆن ناگاتە لوتكە.

**خشتەی ژمارە (2)**

**زاراوە گرنگەكانی بەكارهاتوو لە وتارەكانی سەرۆك بارزانی لەماوەی پرسی ڕیفراندۆم**

| دووبارەكراوەكان دەستەواژەو زاراوە گرنگە | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| سەبەرخۆیی | 14 | 100% |
| ڕوونكردنەوەی پرسی ڕیفراندۆم ـ ڕاپرسی | 14 | 100% |
| مافی گەلی كورد و نیاز پاكی | 14 | 100% |
| دەستوور و پێشێلكردنی دەستوور | 14 | 100% |
| شەراكەتی ڕاستەقینەو تەوافق لەگەڵ عێراق | 14 | 100% |
| گفتوگۆكردنی جیدی نێوان هەولێرو بەغدا | 14 | 100% |
| یەكگرتنی ئارەزوومەندانە لەعێراق | 14 | 100% |
| زانیاری بۆ پتەوكردنی ئاسایشی نەتەوەیی | 14 | 100% |
| ناردنی نامەو پەیام بۆ لایەنی بەرامبەر لەبەغدا | 14 | 100% |
| فیداكاریی گەلێك | 14 | 100% |




**وێنەی ژمارە (2) زاراوە گرنگەكانی بەكارهاتوو لەوتارەكانی سەرۆك بارزانی لەماوەی پرسی ڕیفراندۆم**

لە خشـــتەی (2)دا، توێژەر شـیكردنەوەی بۆ ئەو دەسـتەواژە گرنگ و هەستیارانە كردووە كە سەرۆك بارزانی لە وتارەكانیدا جەختی لەسەر كردوون كە (10) دەســتەواژەی تێدا گوڵ بژێر كردووە هەر هەموویان لە كۆی وتارو چاوپێكەوتنەكاندا دووبارە بۆتەوە، وشە سەرەكییەكانی نێو پرسەكە چەندین جار دووبارە دەكرێتەوە، تاكو گەرموگوڕییەك و ســـووربوونێك بداتە هەســـتی میللەت و بێ ئومێدییەك بداتە دوژمنان، دووبارە كردنەوەی وشــەكان لە هەموو وتارەكان خســـتنەڕووی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەكەیە..

دەستەواژەكانی (سەبەرخۆیی، ڕوونكردنەوەی پرسی ڕیفراندۆم ـ ڕاپرسی، مافی گەلی كورد و نیاز پاكی، دەســـتوور و پێشــێلكردنی دەســـتوور، شـــەراكەتی ڕاســـتەقینەو تەوافق لەگەڵ عێراق، گفتوگۆكردنی جیدی هەولێرو بەغدا، یەكگرتنی ئارەزوومەندانە لەعێراق، زانیاری بۆ پتەوكردنی ئاسـایشـی نەتەوەیی، ناردنی نامەو پەیام بۆ لایـەنی بـەرامبـەر، فیـداكاریی گـەلێـك) تـەواوكاری پرس و دۆزێكن كـە مـایـەی

هەڵوەستە لەسەر کردنە. هەموو ئەم دەستەواژانە (14) جار دووبارە بوونەتەوەو هەمووی ڕێژەی (100%)ی بەدەست هێناوە.


ئەوەش گرنگی بابەتی وتارەکان لەخۆ دەگرێت. وتاربێژ باس لەدەستدانی دەرفەتی گەلی کورد دەکات لەگەڵ بەغدا بۆ ئەوەی عێراقێکی هاوبەش بونیاد بنێن، بێ ئومێدی سەرۆك بەعێراقەوە دیاربوو.. کوردستان بە ناچاری ئەو بڕیارەی وەرگرت لە دەرەنجامی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری چەوتی دەسەڵاتی بەغدا بوو.. عێراقێك هیچ بەهاو نرخێك بۆ میللەتێك دانانێت، چۆن سەرکردەکەی پەنا بۆ ڕێگەچارەی دیکە نابات، هەست و سۆز جووڵاندنی لێرە گەیشتە ترۆپك، کە سەرۆکێك بەرامبەرەکەی دەڵێت من ئەو کەسە نیم خۆم شەرمەزاری میللەتی خۆم بکەم، هێزو وزەی جەماوەر دەیان جار بارگراویتر دەبێت و چۆن بەخوێن نانووسن بەڵێ).

وتاربێژ پەردە لەسەر هەموو شت هەڵدەماڵێ، بێ ئومێدی کورد نیشان دەدات لەگەڵ بەغداو پاساوی بەڵگەئامێز دەخاتە بەردەم جەماوەری شاری هەولێر.. وتار بێژ ئاماژە بەوەش دەدات کە مۆڵەت و دەرفەتی زیاتر دراوەتە بەغدا، کەچی ئەوان لەشەراکەت بێزاربوونەو لە دەستووریشدا پێکەوەژیان بە ئارەزوومەندانە باسی لێوە کراوە.

## بەشێك لە شیکردنەوەی ناوەڕۆك بۆ وتارو چاوپێکەوتنەکانی کەسایەتییە سیاسییەکان لەپرسی ڕیفراندۆم و لە ڕۆژنامەی خەبات.

**خشتەی ژمارە (3) جۆری ڕووماڵکردنی وتارەکانی سەرۆک بارزانی لەماوەی پرسی ڕیفراندۆم**

| وتار | شرۆڤە | چاوپێکەوتن | لێکۆڵینەوە | ڕاپۆرت | بەدواداچوون | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | - | 7 | - | - | - | 20 |





**وێنەی ژمارە (3) جۆری ڕووماڵکردنی وتارەکانی سەرۆک بارزانی لەماوەی پرسی ڕیفراندۆم**

بەپێی خشتەی (3)، دەردەکەوێت کەوا لەو ماوەیەدا وتار (13) جار دووبارەبۆتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (65%)دا، و لەدوای ئەوەدا چاوپێکەوتن دێت کەئەویش (7)جار دووبارەبوونەتەوە کە دەکاتە ڕێژەی (35%)..

واتە نووسەران و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیرو هونەرمەندانی دەستەبژێری نێو کۆمەڵگە لەو ماوەیەدا زیاتر جەختیان لەسەر نووسینی وتار کردۆتەوە، بەو پێیەی هەر یەکێك لەوان و لەگۆشەی پسپۆڕی خۆیان، ویستویانە ڕاوبۆچوونی خۆیان لەڕێگەی وتارەوە بخەنەڕوو، و لەدوای ئەوەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجام دراوە، تاکو زیاتر زانیاری لەسەر پرسی ڕیفراندۆم بخەنەڕوو بۆ دەوڵەمەندکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەو پرسە کە بە بەرژەوەندی ئاسایشی نەتەوەیی دەگەڕێتەوە.

**خشتەی ژمارە (4)**
**زاراوە گرنگەکانی بەکارهاتوو لە وتارەکانی کەسایەتییە سیاسییەکان لەماوەی پرسی ڕیفراندۆم**

| دەستەواژەو زاراوە گرنگە دووبارەکراوەکان | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| سەبەرخۆیی | 19 | 100% |
| ڕوونکردنەوەی ڕیفراندۆم – ڕاپرسی | 14 | 74% |
| مافی گەلی کورد و نیاز پاکی | 17 | 89% |
| دەستوور و پێشێلکردنی دەستوور | 12 | 63% |
| شەراکەتی ڕاستەقینەو تەوافق | 10 | 53% |
| گفتوگۆکردنی جیدی نێوان هەولێر و بەغدا | 9 | 47% |
| یەکگرتنی ئارەزوومەندانە لەعێراق | 4 | 21% |
| زانیاری بۆ پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی | 15 | 79% |
| ناردنی نامەو پەیام بۆ لایەنی بەرامبەر | 13 | 68% |
| فیداکاری | 15 | 79% |




**وێنەی ژمارە (4)**
**زاراوە گرنگەکانی بەکارهاتوو لە وتارەکانی کەسایەتییە سیاسییەکان لەماوەی پرسی ڕیفراندۆم**

له خشتەی ژماره (4)دا، تویژەر شیکردنەوەی بۆ ئەو دەستەواژە گرنگ و هەستیارانە کردووە کە نووسەران و کەسایەتییە سیاسی و رۆشنبیرەکان جەختیان لەســەر کردوونەتەوە کە بەرێژەی جیاواز هاتووە.. (19) جار دەســتەواژەی ســەربەخۆییان بەکارهێناوە کە رێژەکەی دەگاتە (100%)، و بە پلەی دووەم (17) جار دەســتەواژەی مافی گەلی کورد و نیاز پاکی بەکارهێناوە کە رێژەکەی دەگاتە (89%)، و بە پلەی سێیەم (15) جار دەستەواژەی زانیاری بۆ پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی بەکارهێناوە کە رێژەکەی دەگاتە (79%).

دەستەواژەکانی (سەبەرخۆیی، روونکردنەوەی ریفراندۆم ــ راپرسی، مافی گەلی کورد و نیازپاکی، دەستوور و پێشێلکردنی دەستوور، شەراکەتی راستەقینەو تەوافق، گفتوگۆکردنی جیدی نێوان هەولێرو بەغدا، یەککگرتنی ئارەزوومەندانە لەعێراق، زانیاری بۆ پتەوکردنی ئاســایشــی نەتەوەیی، ناردنی نامەو پەیام بۆ لایەنی بەرامبەر، فیداکاری)، تەواوکاری پرس و دۆزێکن کە مایەی هەڵوەســتە لەســەر کردنە. هەموو ئەم دەستەواژانە بەرێژەی جیاواز نووسەران جەختیان لەسەر کردووە.

## وەسفکردنی گۆڕاو بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی:

لەم بەشــەدا وەســفی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە کراوە کە هەموویان بە هێما کراون و پۆلین کراون، ئامانجیش بریتیە لە شــیکردنەوەی ســەرەتایی داتاو زانیارییەکانی فۆڕمەکە ئەویش بە بەکارهێنــانی (دووبارەبوونەوە و ڕێژەی ســەدی و ناوەنــدی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون):

### - وەســفکردنی ئەو پرســیارانەی تایبەتن بە هەڵســەنگاندنێك بۆ خودی (ڕۆژنامەی خەبات):

لەخشــتەی ژمارە (5) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی ســەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون نیشــان دەدات، بەپێی وەڵامی نموونەی توێژینەوەکە ســەبارەت بە پرســیارەکانی تایبەت بە هەڵســەنگاندنی خودی (ڕۆژنامەی خەبات) و بەشــێوەیەکی گشــتی ناوەندی ژمێریاری گشــتی یەکســانە بە (3.72) (هاوڕام)، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا نموونەی توێژینەوەکە (هاوڕان) لەگەڵ لایەنی پۆزەتیفی هەڵســەنگاندنی ڕۆژنامەی خەبات و بەڕێژەی ســەدی لەگەڵ بوون کە یەکســانە بە (74.41%) (باش) و لادانی پێوانەی کە یەکســانە بە(1.17)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەشــێوەیەکی گشــتی پەرش و بڵاوی کەمن و (وێک چوون) لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکاندا هەیە.


سەبارەت بە پرسیارەکان، پرسیاری سێیەم X3: (**ناوەڕۆکی پەیامەکان لە ڕۆژنامەی خەبات بەڕوونی بە خوێنەر دەگەیەنێت**) بە پلەی یەکەم دێت پشت بەست بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (3.88) (هاوڕام) و بەڕێژەی ســەدی لەگەڵ بوون کە یەکســانە بە (77.68%) (باشــە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.090)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕۆژنامەی خەبات لەســەر بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی بۆ خوێنەران نزیکەی (78%)ی بەدەســت هێناوە، هەر دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی گرنگ نییە چەندە پەیام بڵاو دەکاتەوە، ئەوەندەی گرنگە کە چەندە لەوەی بڵاوی دەکاتەوە دەگاتە خوێنەرو تێی دەگەن، سەرکەوتووی ڕۆژنامە لەوە دەردەکەوێت کە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بۆی دەرکەوێت کە خوێنەرانێکی زۆری لێ کۆبۆتەوەو لە پەیامەکانی ئەو دەزگایەوە خۆیان پڕ زانیاری زیاتر دەکەن.

پرســـیاری چوارەم X4: (**وتارەکان لەگەڵ ڕووداوی ڕۆژ هەنگاوی نا**) بە پلەی دووەم دێت پشـــت بەســـت بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (3.88) (هاوڕام) و بەڕێژەی سـەدی لەگەڵ بوون کە یەکسـانە بە (77.56%) (باشـە) و لادانی پێوانەی کە یەکسـانە بە(1.104)، ئەوەش سـەرکەوتوویی ڕۆژنامەی خەبات دەسـەلمێنێت کە هاوشـــان بێت لەگەڵ پرسی ڕۆژانەو هەواڵە گەرم و هەســـتیارەکاندا هەنگاوی خۆی بنێت و ڕووماڵی تێرو تەسەلیان بۆ بکات، بەتایبەت بۆ پرسی ریفراندۆم.

پرسیاری حەوتەم X7: (**کەسانی شارەزای بوارەکان تیایدا وتارو شرۆڤە بڵاو دەکەنەوە**) بە پلەی سـێیەم دێت پشـت بەسـت بە بڕی ناوەندی ژمێریاری (3.84) (هاوڕام) و بەڕێژەی سـەدی لەگەڵ بوون کە یەکسـانە بە (76.73%) (باشــە) و لادانی پێوانەی کە یەکسـانە بە(1.181)، ڕۆژنامەی خەبات لەم پرسـیارەدا پێوانەیەکی باشی بەدەســت هێناوە، گرنگە ڕۆژنامەیەك ببێتە ســەکۆیەکی گرنگ و پڕ متمانە تاکو کەسانی شارەزاو پسپۆڕو ڕۆشنبیرو سیاسی ڕوو بکەنە ئەو ڕۆژنامەیەو بابەتەکانیان لەوێ بڵاو بکەنەوە. بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەو ســیاسی گرنگە بتوانێ هاوســەنگی بۆ هەموو بوارو پرس و ڕووداوەکان ڕابگرێت.

**خشتەی ژمارە (5) دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون سەبارەت هەڵسەنگاندنی خودی (ڕۆژنامەی خەبات)**

| پرسیارەکان | بەتەواوی هاوڕانیم | | هاوڕانیم | | بێ لایەنم | | هاوڕام | | بەتەواوی هاوڕام | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون (%١٠٠) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | دووبارە بوونەوە | % | | | |
| X3 | 16 | 3.1% | 56 | 11.0% | 70 | 13.8% | 195 | 38.4% | 171 | 33.7% | 3.88 | 1.090 | 77.68% |
| X4 | 17 | 3.3% | 54 | 10.6% | 80 | 15.7% | 180 | 35.4% | 177 | 34.8% | 3.88 | 1.104 | 77.56% |
| X7 | 28 | 5.5% | 53 | 10.4% | 75 | 14.8% | 170 | 33.5% | 182 | 35.8% | 3.84 | 1.181 | 76.73% |
| X9 | 73 | 14.4% | 78 | 15.4% | 77 | 15.2% | 156 | 30.7% | 124 | 24.4% | 3.35 | 1.375 | 67.09% |
| X10 | 22 | 4.3% | 49 | 9.6% | 78 | 15.4% | 212 | 41.7% | 147 | 28.9% | 3.81 | 1.089 | 76.26% |
| X11 | 26 | 5.1% | 62 | 12.2% | 87 | 17.1% | 181 | 35.6% | 152 | 29.9% | 3.73 | 1.162 | 74.61% |
| X12 | 30 | 5.9% | 77 | 15.2% | 94 | 18.5% | 156 | 30.7% | 151 | 29.7% | 3.63 | 1.220 | 72.64% |
| X13 | 19 | 3.7% | 64 | 12.6% | 80 | 15.7% | 173 | 34.1% | 172 | 33.9% | 3.82 | 1.143 | 76.34% |
| X14 | 24 | 4.7% | 58 | 11.4% | 79 | 15.6% | 185 | 36.4% | 162 | 31.9% | 3.79 | 1.147 | 75.87% |
| X15 | 31 | 6.1% | 56 | 11.0% | 89 | 17.5% | 167 | 32.9% | 165 | 32.5% | 3.75 | 1.195 | 74.92% |
| X16 | 30 | 5.9% | 51 | 10.0% | 88 | 17.3% | 198 | 39.0% | 141 | 27.8% | 3.73 | 1.145 | 74.53% |
| X17 | 18 | 3.5% | 54 | 10.6% | 82 | 16.1% | 192 | 37.8% | 162 | 31.9% | 3.84 | 1.096 | 76.77% |
| X18 | 24 | 4.7% | 73 | 14.4% | 99 | 19.5% | 186 | 36.6% | 126 | 24.8% | 3.62 | 1.142 | 72.48% |
| X21 | 30 | 5.9% | 65 | 12.8% | 82 | 16.1% | 176 | 34.6% | 155 | 30.5% | 3.71 | 1.195 | 74.21% |
| X34 | 57 | 11.2% | 82 | 16.1% | 90 | 17.7% | 145 | 28.5% | 134 | 26.4% | 3.43 | 1.331 | 68.54% |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.72 | 1.17 | 74.41% |




**وێنەی ژمارە (5) دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون سەبارەت هەڵسەنگاندنی خودی (ڕۆژنامەی خەبات)**

### ئەنجام

**لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :-**

- لەوتارەکانی سەرۆك مسعود بارزانی، دەرکەوتووە کە هەموو زانیارییەکی پێویست و گرنگی سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بۆ خوێنەرو جەماوەر وەکو یەك خراوەتەڕوو.

-کاریگەری وتارەکانی سەرۆك بارزانی، ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات و سەرکەوتنی دەنگی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

- سەرۆك بارزانی شارەزایانە ئەو پرسەی جوڵاندووەو دەرەنجامی نایابی دەنگدانی ئەو پرسە سەنگی ڕاستییەکانن.

- لەوتارەکانی کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرو هونەرمەندان، زانیارییە پێویست و گرنگانی سەبارەت بە پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی بەڕێژەی جیاوازو بەپێی بڕوابوونیان بەو پرسە لەنێو بابەتەکانیان خراوەتەڕوو.

- نموونەی توێژینەوەکە، واتە بەرێزیەکان کە فۆرمی ڕاپرسیان پڕکردۆتەوە، ئەو چین و توێژانەی بوونە کە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دبلۆمن، ئەو توێژە بە کەسانی خوێندەوارو ڕۆشنبیرو هۆشیاری نێو کۆمەڵگە دادەنرێت.

### پێشنیارەکان:

- تا زیاتر دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە بایەخ بە پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی بدەن بۆ پێگەیاندنی نەوەیەك لەمانای پارێزگاری و پیرۆزی و گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی بزانێت.

- نووسەران زیاتر جەخت لەسەر ئەو مەسەلە سیاسییانە بکەنەوە و تیشکیان بخەنەسەر، تاکو ڕووناکی خوێندنەوەیان بکەوێتە سەرو تاکی کوردی دەوڵەمەند بێت بەو بوارانە.

- پارێزانی ئەم قۆنا غەی گەلەکەمان، پارێزگارییە لە دەسکەوت و دەسەڵاتی ڕەنجی ڕووباری خوێنی چەندان ساڵەی شەهیدان.

- توێژەر پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئاسایشی نەتەوەیی و خۆشەویستی گەل و نیشتمان بکرێتە مەنهەجی قوتابخانەکان و تاکو منداڵە قوتابییە کوردەکان لە مانای شیرینی ئەمن و ئاسایش بگەن، نەك بە ڕوویەکی ڕووکەشانە تەماشای بکەن.

- بەهۆی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە پێویستە هەموو لایەن و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بخرێتەڕوو، کە یەکێك لە ئەرکەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، پارێزگاری لەگیان و ئازادییەکانی هاووڵاتیانەو پردێکی متمانە بێت بۆ ژیانی هەمووان.

- زیاتر توێژینەوە لەسەر پتەوکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەنجام بدرێت، تاکو ئەوەی توێژەر لەم توێژینەوەیدا نەیخستۆتە بەر دیدی خوێنەران، ئەوان تەواوی بکەن.

**راسپاردەکان:**

- هەوڵ بدرێت توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی شیکردنەوەی دیکەی بۆ ژانرەکانی دیکەی ڕۆژنامەگەری کوردی بکرێت، تاکو هەست و بیرو سۆزو خۆشەویستی نەتەوەو نیشتمان زیاتر لەلای چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بزانرێت، تاکو لەو پێناوەدا ئاسایشی نەتەوەیی و سەقامگیری هەمیشە پارێزگاری لێوە بکرێت.

- نووسەرانی کورد، تا پێیان دەکرێت ڕوو لە نووسینەوەی وتارگەلێکی لەم چەشنە بکەن، تاکو هەموو ڕەهەندە سیاسییەکانی قەوارەی کوردستان بخرێتە نێو چوارچێوەیەکی زانینەوە لەبەرامبەر تاکدا..

The role of media in supporting national security


- Hawkar Yaseen Shareef, Assistant Lecturer/lecture at Erbil Polytechnic University/Department of Media
- Magedad Khther Ahmad Sapan, Assistant Professor at Salahaddin University/Department of Media



Abstract:

The purpose of this research is to identify the most significant frameworks and motives implemented by Kurdish institutions to enhance national security. It used research and survey method and relied on analyzing the agency's content to reach the Kurds. The research group, which includes the newspaper "Khafat" as an example of the research, includes 14 speeches of President Massoud Barzani, President of Kurdistan, and 20 speeches given by politicians, literature, and cultures during the days of the month-long campaign.

And one of the most significant results of this research is that the articles published during this period were more supportive of the framework of national responsibility and security.


Keywords (Role, Media, strengthening national security

**سەرچاوەکان:**

**أ- سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:**


1. بارزانی, س., 2017 .بەرەو سەربەخۆیی .هەولێر: چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆکسانا.

**ب- سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

2. البداينة, د .م., 2005 .*العمل الإعلامي الأمني والمشكلات والحلول* .الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.
3. الجحني, ع .ب .ف., 2001 .*ماهية الشائعة، التطور التاريخي* .الرياض: بحث غير منشور (الرياض : جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.
4. خضور, د .ا .م., 2006 .*سبل تدعيم الثقة بى الاجهزة الامنية و الاعلامية العربية* .الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، الطبعة الاولى.
5. زكي, ع .ا., 2016 .*الأمن القومي قراءة في المفهوم والأبعاد* .القاهرة: المعهد المصري للدراسات السياسية والإستراتيجية.
6. زيادة, خ., 2010 .*نظريات الإعلام* .بيروت: دار الحياة للنشر.
7. شقرون, ع .ا., 1988 .*وقاع العلاقة بين الإعلام والأمن فى الوطن العربى* .الرياض: بحث غير منشور، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.
8. العبد, ع .ع., 1997 .*الاتصال والرأى العام* .القاهرة: دار الفكر العربي.
9. عبدالحفيظ, د .ع., 2020 .*الأمن القومي المفهوم والأبعاد* . القاهرة: المعد المصر للدراسات.
10. العسيري, ع., 2014 .*العمل الاعلامي الامني العربي المشكلات والحلول* .عمان: حامد للنشر والتوزيع.
11. العمرات, ا .ص., 2005 .*الاعلام الامني وقت الازمات، العمل الاعلامء العربى: المشكلات و الحلول* .الرياض: اكاديمية نايف للعلوم الامنية، مركز الدراسات والبحوث.
12. فاروق, ع .ا., مارس 1986 .انعكاس دور المعلومات على مفاهيم الأمن القومي .*مجلة اليقظة العربية* Volume , العدد 3، السنة الثانية.

13. قدور, د .ع .ا., 2009 .*ئاسـایشــی نەتەوەیی و ئاسـایشــی دەوڵـەت، وە: ئـازاد گروای* .هـەولێر: چ1, چـاپخـانـەی هاوسەر.

14. محسن, س .ا .ع., 2009 .*مفاهيم الأمن: مقارنة بين الأمن القومي والأمن الإقليمي والأمن الجماعي* .بغداد: الجامعة المستنصرية، المجلة السياسية والدولية.

15. محمود, ح .م .و., 1998 .*الإعلام الأمنى والصورة الذهنية لرجل الشـــرطة* .القاهرة: بحث غير منشـــور، أكاديمية الشرطة، مركز بحوث الشرطة.

16. مرســال, م .س., 2001 .*الإعلام الأمنى : مفاهيم وأدوار*، بحث غير منشور .عمان, الاردن: جامعة آل البيت.

17. مقلد, ا .ص., 1985 .*الاســتراتيجية والســياســة الدولية* . الكويت: مؤسسة الأبحاث العربية.

18. ميرزا, ج .ج., 2006 .*الإعلام الأمني بين النظريــة و التطبيق* .القاهرة: مركز الكتاب للنشر.

ج- سەرچاوەکانی ئینتەرنێت:

19. ادمين, 2019 .ظاهرة الرأي العام [Online] .
Available at: http://arabprf.com/?p=566
[Accessed 20 9 2019].

20. خضر, م., 2016 .خصائص الخطاب السياسي [Online] .
Available at:
https://mawdoo3.com/%D8%AE%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D8%B5_%D8%A7%D9%84%D8%AE%D8%B7%D8%A7%D8%A8_%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8A%D8%A7%D8%B3%D9%8A
[Accessed 29 5 2016].

21. خضر, م., 2017 .تعريف الامن القومي [Online] .
Available at:
https://mawdoo3.com/%D8%AA%D8%B9%D8%B1%D9%8A%D9%81_%D8%A7%D9%84%D8%A3%D9%85%D9%86_%D8%A7%D9%84%D9%82%D9%88%D9%85%D9%8A
[Accessed 10 5 2017].

22. زامل, ي .ع., 2018 .الوعي الامني والعنف والمؤسسات الاجتماعية - بحث تحليلي في علم الاجتماع السياسي [Online] .
Available at:
https://www.researchgate.net/publication/332541261_alwy_alamny_walnf_walmwssat_alajtmayt_-_bhth_thlyly_fy_lm_alajtma_alsyasy-
[Accessed 6 30 2018].

23. عامر, ا .ع., 2019 .الصحفي المعز حسين المكابرابي [Online] .
Available at:
https://www.facebook.com/permalink.php?id=428277404194939&story_fbid=870259539996721
[Accessed 17 9 2019].

24. عبدالعزيز, هـ .م., 2015 .الرأي العام و دوره في صنع القرار السياسي . [Online]
Available at: https://eslahnahda.com/articles/10
[Accessed 28 3 2015].

25. عامر, ع., 2016 .مسئولية الإعلام لتحقيق الآمن القومي للدولة . [Online]
Available at:
https://www.diwanalarab.com/%D9%85%D8%B3%D8%A6%D9%88%D9%84%D9%8A%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D8%A5%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%85-%D9%84%D8%AA%D8%AD%D9%82%D9%8A%D9%82-%D8%A7%D9%84%D8%A2%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D9%82%D9%88%D9%85%D9%8A-%D9%84%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D8%A9
[Accessed 20 11 2016].

## پاشکۆ



به ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی، گەورەترین کەرنەڤاڵ بۆ پشتگیریی لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەچوو

سەرۆك بارزانی لە کەرنەڤاڵی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەولێر:

هەولێر هەر هەولێرە

چاپی ئێوارە تایبەت بە کەرنەڤاڵی پشتگیری بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5354) هەینی 22ی ئەیلول 2017 «8» لاپەڕە «500» دینار

ئێوارەی ئەمڕۆ هەینی ٢٢ی٩ی٢٠١٧، لە یاریگای نێودەوڵەتیی فەرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر، بە ئامادەبوونی بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دەیانهەزار هاووڵاتی، وەک گەورەترین کەرنەڤاڵ بۆ پشتگیری لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان بەڕێوەچوو. لە گردبوونەوەکە سەرۆک بارزانی گوتارێکی پێشکەش کرد و ئاماژەی بە پرسی ریفراندۆم کرد و هۆکاری ئەو بڕیارەی خستەڕوو. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کەرنەڤاڵەکەدا گوتی: ئەو ڕۆژەی بڕیاری ریفراندۆم درا ئەو لایەنانەی ئێستا گلەیی دەکەن و هەندێک هەڕەشەمان لێ دەکەن، نەیانپرسی بۆ ئەو بڕیارەتاندا، بەڵام ئایا ڕێگا چارەی دیکە هەبوو؟. بەڵام کەوتنە هەڕەشەکردن و داوای نەهێشتنی ریفراندۆمیان کرد، ئێستاش ریفراندۆم لە دەستی من و حزبەکان و هەمووی دەرچووە و کەوتووەتە دەستی ئێوە.

سەرۆک بارزانی گوتیشی: زۆر بەڵێنیان پێماندا، هیچ بەڵێنێکیان جێبەجێ نەکرد و هەمووی بە زیانی ئێمە تەواو بوو، ئێستاش تا دوابکەوین زەرەرمەندین، بۆیە تا زووترە، دەستی ئێوە و ئەم میللەتە خۆش، ڕۆژی ٢٥ی مانگ بڕۆنە سەر سندووقەکانی دەنگدان و چارەنووسی خۆتان دیاری بکەن. ڕاشیگەیاند: لەم ڕۆژانەی دواییدا حەتمەن ئێوەش زۆر گوێتان لە هەڕەشەی جۆراوجۆر بووە، هەڕەشە دەکرێت بەوەی سزامان دەدەن، وەڵامی منیش ئەمەیە. ئەمە ١٠٠ ساڵە گەلی کوردستان سزا دەدەن، ئەرێ تێر نەبوون؟ تێرنەبوون لە سزادانی خەڵکی کوردستان؟ ئەگەر پێتان خۆشە دیسان بۆ سزادان بگەڕێنەوە، واز لە خەڵکی کوردستان بهێنن و وەرن من سزا بدەن.

دەقی وتارەکەی سەرۆک بارزانی لە ل 3، 4، 5

سەرۆك بارزانی بۆ دەنگی ئەمەریکا: زمانی هەڕەشە لەیەك دەوڵەت و لەیەك کەس قبوڵ ناکەین

بەڕێز مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ بەشی کوردیی دەنگی ئەمەریکا ڕایگەیاند، دەتوانین بە چاودێری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر سەربەخۆیی، سنوور، ئاو، نەوت و گاز و هەموو مەسائیلێک لەگەڵ بەغدا بگەینە ڕێککەوتن، ببینە دوو دراوسێی زۆر هاوکار و هیچ گرفتێک لەنێوانمان نەبێ، تاوەکو ساڵێک یان دوو ساڵیش دەتوانین ڕابوەستین.

دەقی دیمانەکەیە لە ل 6- 7

2

میرێ ئێزدییان: داخوازێ ژ ئێزدییان دکەم دەنگ ب (بەلێ) بدەن بۆ ریفراندۆما سەرخۆبوونێ

2

کۆنگرێسمانێکی ئەمریکی: دەوڵەتی کوردستان لە بەرژەوەندی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە

هۆشیار زێباری: دواخستنی ریفراندۆم خۆکوژی سیاسییە

2

پێشمەرگە بە خوێن، ئێمەش بە بەڵێ

البيشمركة بالدم و نحن بالتصويت بنعم

بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان

Kürdistanın özgürlüğüne Evet

نعم لإستقلال كوردستان

سەرۆك بارزانی بۆ سەرۆکی فەڕەنسا: ریفراندۆم لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام دەدرێت

دوێنێ پێنجشەممە ٢١ی٩ی٢٠١٧، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە بەڕێز ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی فەڕەنساوە پێگەییشت. لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییەدا سەرۆککۆماری فەڕەنسا ستایشی کوردستانی کرد و ڕۆڵی کوردستانی لە شەڕی داعش و حەواندنەوەی ئاوارە و لێقەوماوان بەرز نرخاند. هەروەها پشتیوانیی وڵاتەکەشی بۆ «یەکپارچەیی عێراق» و «مافەکانی گەلی کوردستان لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا» خستەڕوو و داواشی کرد ڕیفراندۆم دوابخرێت.

لە بەرانبەردا سەرۆک بارزانی سوپاسی سەرۆک و حکوومەت و گەلی فەڕەنسای کرد بۆ پشتگیریی بەردەوامیان بۆ کوردستان، ڕاشیگەیاند ڕیفراندۆم لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام دەدرێت و دەرگای گفتوگۆش دانەخراوە و دوای ڕیفراندۆم، کوردستان لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ دەکات.

مەسرور بارزانی: کورد شایەنی ئەوەیە هاوشێوەی ئەوانی دیکە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ

بەڕێز مەسرور بارزانی، ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لە تازەترین دیدارێدا لەگەڵ ماڵپەڕی (BuzzFeed News)ی ئەمەریکی دا دەڵێت ئەوەی کورد بۆ جیهانی کرد زیاترە لەوەی هەموو جیهان بۆ کوردی کردووە. هەروەها جەخت دەکاتەوە کە پێویستە قوربانیدانی گەلی کورد دانی پێدا بنرێت و جیهان بیناسێت.

دەقی دیدارەکە لە ل 6- 7



سەرۆک بارزانی لە کەرنەڤالی پشتگیریی سلێمانی لە سەربەخۆیی:

سلێمانی قەت قەبوڵ ناکات نە مەحکوومی کەس و نە سوغرەکێشی کەس بێت

خەبات

بەرپرسێکی ئەمریکی: هەڕەشەی بڕینی هاوکارییەکانمان لە پێشمەرگە نەکردووە

بەسەرپەرشتیی سەرۆککۆماری عێراق و سەرۆک بارزانی، لایەنە سیاسییەکان لە سلێمانی کۆبوونەوە

نێچیرڤان بارزانی و باڵیۆزی نوێی هۆڵەندا لە عێراق ڕەوشی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: مەبەست لە ڕیفراندۆم خواستی گەلی کوردستانە بۆ دیاریکردنی داهاتووی خۆی